## نیان عەبدوڵڵا:

# سروود وتن لە گۆرانی زەحمەتترە



**دوای هێرشـــی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان، بەشێکی زۆری هونەرمەندان وەك چینێکی کاریگەر و ســـەرەکیی کۆمەڵگە دەستیان کـــرد بە وتنی ســـروود بۆ کوردســـتان و پێشـــمەرگە و هەندێکی دیکەیان ســـرووده کۆنەکانیان بە شێواز و ستایلی نوێ تۆمار کردەوە، بەڵام بەشێك لە هونەرمەندان پێیانوایە هەندێك لە سروودەکان مەرجەکانی سروودیان تێدا نییە، لەم دیمانەیەشدا خانمە هونەرمەندی شاری سلێمانی نیان عەبدوڵڵا سەبارەت بە سروودی کوردی وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دەداتەوە.**

*** لە ئێستادا و بە حوکمی بارودۆخی کوردستان زۆربەی هونەرمەندان روویان لە وتنی سروودی نیشتمانی کردووە کە گوزارشت لەو بارودۆخە دەکەن، بەرامبەر بەم هەنگاوەی هونەرمەندان رات چییە؟**

- پێویستە هەموو گەلی کورد هەر یەکە لە شوێن و پێگەی خۆیەوە پشتگیری لە پێشمەرگەی کوردستان بکات، هونەرمەندانیش وەك تاکێکی کاریگەری کۆمەڵگە بە هونەر و سروودەکانیانەوە هەستی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە پێشمەرگە و کوردستان، بێگومان ئەمەش کارێکی پیرۆزە، هەرچەندە کەمیشە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەرکەی ئێستا پێشمەرگە دەیبینێت بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و کەرامەتی تاکی کورد دژی دوژمنانمان، ئەمەش ئەرکێکی ئەوەندە پیرۆزە کە وەسفکردنی ئاسان نییە، هەروەها دەستخۆشی لە هونەرمەندانیش دەکەم کە سروودیان بۆ پێشمەرگە وتووە، بەڵام ئەوەی لای من سەیرە و تێبینیم کردووە لە نێو ئەم سروودانە کاری کرچ و کاڵیش هەیە، سروود هەر ئەوە نییە هۆنراوەیەك بۆ پێشمەرگە وترا بێت، بچیت ئاوازێکی بۆ دانێیت و تۆماری بکەیت، سروود زۆر لەوە گەورەترە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو کەسەی سروودێك دەڵێت، پێویستە لە بارەی شیعر و ئاوازەکە گونجانێك دروست بکات لە نێوانیان لە کاتی وتنی سروودەکە، هەروەها حەماس و رۆحیەتێکی تێدا بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی حەماس بە گوێگر ببەخشێت، بۆ نموونە کاتێك ئێمە گوێمان لە سروودەکانی شڤان پەروەر و محەمەد جەزا و هونەرمەندانی دیکە دەگرت، جۆرێك لە رۆحییەتی شۆڕشگێڕی لە ناخی ئێمە دروست دەبوو، پێشمەرگە قارەمانەکانیش پێویستیان بەم جۆرە سروودانە بوو، بەردەوامیش گوێیان لێدەگرت، هەر ئەمەش دەبووە هۆی بەرزکردنی ورەی پێشمەرگە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئێستا پێشمەرگەکان گوێ لەو سروودە کرچ و کاڵانە بگرن.

*** ئەم جیاوازییەی باسی دەکەی پەیوەندیی بە زەمەنەوە هەیە، یان بە هونەرمەندان خۆیان؟**

- بێگومان زۆر شت دەگرێتەوە خەڵك بە گشتی وەك جاران نییە، رەنگە ئەمەش پەیوەندیی بە هەستی نەتەوەییەوە هەبێت، من دەڵێم لەبەر گەورەیی ئەو کارەساتەی بەسەر کورددا هاتووە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە کە بە رای من زۆر لە رژێمی سەدام دڕندەتر و خوێنمژترن و دوژمنی هەموو مرۆڤایەتین، پێویستە خۆشەویستیی خەڵك تا ئەو پەڕی پەیوەست بێت بە خاك و نیشتمانەوە، هەروەها ئەگەر کاری هونەرمەندانیش کاری کرچ و کاڵ بێت، یان کارێك پێشکەش بکەن کە لە ئاست گەورەیی ئەو کارەساتەدا نەبێت، ئەوا پێشکەشی نەکەن زۆر باشترە، من بۆخۆم ئەگەر لە سروودێك دڵنیا نەبم و بەدوایدا نەگەڕێم، ئەوا ئامادە نیم بیڵێم، چونکە بە رای من سروود زۆر لە گۆرانی زەحمەتترە.

*** کەواتە پێتوایە پەخشکردنی کلیپەکان لە کەناڵەکان پێویستی بە فلتەرێك بۆ جیاکردنەوە کاری باش و کاری خراپ هەیە ؟**

- ئەگەرچی ئەم پرسە تایبەتە بە کەناڵەکانەوە، بەڵام پێویستە فلتەرێکی لەو جۆرە هەبێت، جاران کەناڵەکان بە دەگمەن و تەنیا لە یاد و بۆنە نیشتمانییەکان سروودیان پەخش دەکرد، هەروەها هونەر بە گشتی لاواز بووە، مەبەستم لە لاوازی ئەوەیە کە ئێستا بە هۆی بارودۆخەکەوە بەرهەمی هونەری کەم بووەتەوە، بۆیە سروودەکان پەخش دەکرێن بە باش و خراپەوە، بەداخەوە ئەمەش وا دەکات کە کارە باشەکانیش خراپ بکرێن و گوێگر لێکیان جیا نەکاتەوە، من ئامادە نیم وەك هونەرمەندێك گوێ لە شتێك بگرم کە بزانم سەقەتە و هیچ سوودی نابێت.

*** هونەری کوردی خۆی لە قەیراندا بوو، ئەم بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەی ئێستا لە کوردستان هەیە، لەسەر هونەری کوردی بە گشتی چ کاریگەرییەکی دەبێت ؟**

-لە رووی هونەرییەوە بارودۆخەکە ئاساییە، من باسی کاری هونەری دەکەم، ئەگەر هونەرمەند خۆی توانای هەبێت، لە هەمان کاتدا خۆشەویستیی بۆ کارەکەی هەبێت، بارودۆخ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت وەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بارودۆخەکە بووەتە هۆی وەستاندنی کاری هونەری وەك هەموو بوارەکانی دیکە لە کوردستان، ئەگەر بە گشتی بڕوانینە هونەر دەبینین هونەری لاواز زیاترە لە هونەری باش و باوەڕناکەم بارودۆخ کاریگەریی لەسەر ئەو هونەرە هەبێت کە خۆی لاوازە.

*** وەکو نیان هیچ کارێکی هونەری تایبەتت هەیە کە لە ئێستادا بیڵێیت و گوزارشت لە گەورەیی پێشمەرگە و کوردستان بکات؟**

- من لە دڵەوە حەز دەکەم بە سروودێك کە گوزارشت لە پێشمەرگەی کوردستان بکەم، بەڵام وەك لە پێشتر باسم کرد، دەمەوێ کارێك پێشکەش بکەم کە هەموو هونەرمەندان و شارەزایانی بواری هونەری لێی رازی بن و دەستخۆشیم لێ بکەن، نامەوێ کارێك پێشکەش بکەم و دواتر کرچ و کاڵ دەرچێت و کەسیش سەیری نەکات، سەرەتا بە دوای هۆنراوە و ئاوازێکی گونجاودا دەگەڕێم، دواتر ئەگەر لە رووی ماددییەوە پاڵپشتییەکی باش بکرێم، ئەوا بڵاوی دەکەمەوە، بەڵام ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاریی نەکرێم، ناتوانم ئەم کارە بکەم، چونکە هەر کارێك بۆ پێشمەرگە و کوردستان بێت پێویستە لە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەریدا بێت، لانیکەم دەبێ لە هەموو کارەکانی پێشووم باشتر بێت.

# سەمیرە سەعید لە نەخۆش کەوتن تۆقیوە

خۆشەویستی ژیان و گیانی منداڵ دوو تایبەتمەندی سەرەکین کە کەسایەتیی سەمیرە سەعیدی گۆرانیبێژی مەغریبی لە زۆربەی هونەرمەند و کەسایەتییەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە و پێی ناسراوە، وەك خۆی دەڵێ هەر ئەمەشە وایکردووە هەمیشە وەك کچێکی ١٨ساڵان دەرکەوێت.

لە میانەی بەرنامەی ( الحکم) کە وەفای کەیلانی لە کەناڵی MBC1 پێشکەشی دەکات، سەمیرە سەعید باسی لەوە کرد کە ژیانی هەمیشە پڕ بووە لە دژبە یەکەکان وەك جورئەت و شەرم، هێز و لاوازی خۆشەویستی ئەو بۆ بەرامبەر و رقی بەرامبەر، هەروەها دانی بەوەش دانا کە هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتن و بەردەوامیی لە کاری هونەری وای ٤٠ ساڵ لەم مەیدانە بۆ خۆشەویستیی بۆ هونەر و گۆرانی دەگەڕێتەوە و دەڵێ: هەر هونەرمەندێك خۆشەویستیی بۆ کاری خۆی هەبێت و قوربانی بۆ بدات بێگومان سەرکەوتوو دەبێت.

سەمیرە هەروەها دان بەوە دەنێت کە زۆر جار دەنگی خۆی هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی وەکو پێویست دەرنەکەوێت و تووشی هەڵوێستی ناخۆشی بکاتەوە، چونکە خۆی بە کەسێك دەزانێت کە بەدوای پارەو سامانەوە نییە و تەنیا وەك خۆشەویستیی بۆ هونەرەکەی و رێز گرتن لە جەماوەرەکەی گۆرانی دەڵێت، لەلایەکی دیکەوە سەمیرە سەعید رایگەیاند تا ئەو کاتەی دەتوانێت و تەندروستیی رێگای پێ دەدات بەردەوام دەبێت لە گۆرانی وتن، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات زۆرترین کات بۆ کوڕە تاقانەکەی تەرخان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت پاشەڕۆژێکی پرشنگداری بۆ دابین بکات.





# رۆژان بە (ئەفسانەی حەوا) دژایەتی جەنگ دەکات

ئەفسانەی حەوا نوێترین گۆرانی (رۆژان)ی خانمە هونەرمەند رۆژئاوای کوردستانە کە لە کۆمپوزەری موزیك شاهین یوسف زەمانی و دەرهێنانی عەلی رەزا سرووش و تێکستی شاعیرێکی دانیشتووی ئێرانە.

لەم بارەیەوە رۆژان لە پەیوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە گۆرانییەکە وتی: ئەم گۆرانیە لە روانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە باس لە نەهامەتییەکانی جەنگ دەکات بە هەموو شێوەکانی و ئەوەش دەخاتەڵوو کە ئافرەت بەشی زۆری مەینەتی و ناخۆشیەکانی جەنگی دەکەویتە ئەستۆ، چونکە لە یەك کاتدا دایك و خوشك هاوسەرە، بە شیوەیەکی گشتی گۆرانییەکە وەك شیوەیەك لە شیوەکانی ناڕەزایی دەربڕینە دژی جەنگ و نەهامەتییەکانی، گۆرانییەکە بە زمانی فارسییە، بەڵام پەیامێکی مرۆڤایەتی گشتی لەخۆ دەگریت و بەو حوکمەی کە کوردستان هەمیشە کەوتوتە ژێر روحمی داگیرکەران و بە درێژایی مێژوو ئافرەتەکانمان جەرگ سووتاو بوون بۆیە بۆیە ئافرەتانی کوردیش خۆیان لەو گۆرانییەدا دەبیننەوە

شایەنی باسی خاتوو رۆژان فەیزی لە بنەماڵەیەکی هونەردۆستی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە و ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە و تا ئێستا چەندین کاری لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری ئێرانی داریۆش ئەنجامداوە.



## گەزیزە:

# نابێ ئاڵۆگۆڕی بازرگانی بە هونەرەوە بکرێ

گەزیزە قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی دەرمانسازییە، بەڵام خۆشەویستییەکی بێ سنووری بۆ هونەر هەیە و بەهۆی پاڵپشتی و هاندانی دایك و باوکی و بە پشت بەستن بە بەهرەو توانا هونەرییەکانی خۆیەوە رووی لە بواری گۆرانی وتن کردووە و لە چەندین ئاهەنگ و بۆنەی نیشتمانیدا بەشداری کردووە .

دەربارەی هونەر و مۆسیقا گەزیزە دەڵێ: مۆسیقا هونەرە بە ڕای من نابێ ئاڵۆگۆڕی بازرگانی بە هونەرەوە بکرێ. بە تایبەت مامەڵە کردن بە جەستەی مروڤ دەبێتە هۆی ئەوەی لە کەسایەتی مرۆڤ کەم بکاتەوە و دەبێتە هۆیەك بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بوونی خۆی لە دەست بدات لە هەمان کاتدا جۆرە بێ ڕێزییەکە بە مرۆڤ. بۆمن هیچ جیاوازییەك ناکا چ ئافرەت بە خۆی بکا و چ پیاو و یا خود کەسانی دیکە پێیان بکەن.

هەموو هونەرمەندێك پەیامێکی هەیە لە گۆرانی وتن و لە ئەنجامدانی کاری هونەری، لە بارەی پەیامی هونەری خۆی گەزیزە دەڵێ: پەیامی هەر هونەرمەندێك لە هەر گۆرانیەکدا پێوەندی بە هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەم و ئەوشوێنەوە هەیە کە گۆرانییەکەی تێدا پێشکەش دەکرێ. دیارە هەر کەسیش پەیامەکە بەجۆرێك وەردەگرێت. بە واتەیەکی دیکە ناکرێ چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ گۆرانی و پەیامەکەی هەبێ. ئەوە تایبەتمەندیی هونەرە. هەربۆیەشە کە پێی دەوترێت هونەر.

سەبارەت بە گرنگی شارەزایی بوونی هونەرمەند لە هەموو جۆرە ستایلەکانی گۆرانی وتن گەزیزە ئەمەش بە کارێکی پێویست دەزانێت بۆ هونەرمەندان و لەم بارەیەوە دەڵێ: شارەزایی بوون لە زۆرترین ستایل و شێوازەکانی گۆرانی وتن بۆ هونەرمەند کارێکی گرنگ و پێویستە، بۆ نموونە کە ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە مۆسیقای سوننەتی و شارەزا بوون لێی زۆر گرنگە وجێگەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو گۆرانیبێژانەی بە ستایلی سوننەتی گۆرانییان وتووە تەنیا بەخاتری هونەر و پاراستنی رەسەنایەتی هونەرەکەیان پێشکەشیان کردووە و لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین بناغەی موسیقای کوردی لە وێوە هاتووە و ئەوان داهێنەر بوون. ئێمە وەکو کورد هەمیشە باس لە مۆسیقای رەسەن و پاراستنی دەکەین و مۆسیقای سوننەتی یەکێکە لە شێوازە رەسەنەکانی مۆسیقا.



## هونەرمەند بورهان محەمەد بۆ گوڵان:

# ئەو ڕۆحییەت و عەشقەی پێشتر بۆ هونەر هەبوو ئێستا نەماوە

**بورهان محەمەد یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەسەردەمی شاخدا گۆرانیبێژ بووە و بە دەنگەکەی خزمەتی هونەری کوردی کردووە، جگە لە گۆرانی کاری ئەکتەریشی کردووە و لە فیلمی نێرگز بووکی کوردستان و چەند فیلمێکی دیکە بە دەنگ بەشداری کردووە و ڕۆڵیشی هەبووە، دوای چەندین ساڵ لە غوربەت و ئاوارەیی، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دەداتەوە.**

*** هونەرمەندان بە گشتی ڕوویان لە سروودوتن کردووە، دەربارەی ئەم هەنگاوەی هونەرمەندان لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا راتان چییە؟**

- هـــەر کارێکی هونـــەری مایەی ڕێـــزە بەتایبەتی ئەگەر بۆ پێشـــمەرگە بگوترێت، بەڵام هەســـت دەکرێت لە کەناڵەکان جۆرە زۆری و بۆرییەکی پێوە دیارە ، ســـروود جیاوازە لەگەڵ گۆرانیی ئیقاعەکانی مارشـــی ســـەربازییە، بەداخەوە دەڵێـــم ٩٠٪ی ئەو بەرهەمانەی  بە ناوی ســـروود لە میدیاکان بڵاودەکرێنەوە، غەدرە ناویان بنێین سروود، ئیدی نازانم کەناڵەکان چۆن و بۆچی بڵاوی دەکەنەوە، ئایا تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بەرنامەکانیانە، یان هۆکارێکی دیکە هەیە؟

***  کەناڵەکان بەرنامەی پێ پڕ دەکەنەوە یاخود خەتا لە خودی هونەرمەندەکانیشە؟**

- پێموایە تەنیا بۆ خۆ دەرخســـتنە، من ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی دەیڵێـــن، بەڵام لەوانەیە دەنگی ئەو بۆ ســـروود نەبێ، یاخود لەو بوارەدا ســـەرکەوتوو نەبێ، کەســـانێك هەن دەنگیان بۆ گۆرانیی ســـۆزداری گونجاوە، کەچی دەیبینی سروود دەڵێن، هیچ هەست و پەیام و خۆشەویســـتی و عەشـــقێکی تێدا نابینم کە پێویستە لە ســـروودا هەبێت، هەست دەکەم تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێ منیش ئەوەتام ســـروودم هەیە، حورمەتم هەیە بۆیان، بەڵام پێموایە ئەگەر نەیڵێن زۆر باشترە.

*** هونەرمەندان و ئەوانەی لە هونەرەوە نزیکن دەمێکە جۆرێك لە ڕەخنە و گلەییەکیان لە بارودۆخی هونەر بەگشتی هەبوو و بە زۆر شـــێوە دەریان بڕیوە، ئایا ئەم گلەییانە لەسەر باشترکردنی هونەری کوردی هیچ کاریگەرییەکی هەبووە؟**

- نەخێر، من تێبینی هیچ شـــتێکم نەکـــردووە کە هونەر بەرەو باشـــتر هەنگاو بنێت، چونکە تەنیا قسەیە و بە کردەوە پشتگیری لە هونەری ناکرێت، کەســـیش بەدواداچوون بۆ ڕەخنە و گلەییەکان ناکات، من لە بیرمە پێشـــتر لیژنەی پشکنین هەبوو بۆ دەنگ و موزیك و تۆمارکردنی موزیك، پێویست بوو گۆرانی بەم فلتەرانەدا تێپەڕبووایە، ئینجا دادەبەزی، بەڵام ئێستا هیچ شتێکی لەو جۆرە نییـــە، هەمووی بووە بە برادەرایەتی، بۆیە دەبینین  بە ویســـت و حەزی خۆیان دایدەبەزێنـــن و خەڵکی بێزار دەکەن، من ڕێزم هەیە بۆ هونەر، بەڵام هەســـت دەکەم هونەریش ســـووك بووە، نازانم بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە پەنا بۆ کێ بەرین.

*** هونـــەر شـــتێکی پێکەوە گرێدراوە و ئەگـــەر جەماوەر نەبێ هونەرمەنـــد گۆرانی بۆ کـــێ بڵێ، جەماوەر ڕۆڵـــی چییە لەو پاشەگەردانییەی ئێستا لە هونەردا هەیە؟**

- بەداخەوە لەگەڵ ڕێزم دەڵێم جەماوەری کورد لە بواری هونەری زۆر نارۆشنبیرە، ئەگەر ڕۆشـــنبیر بووایە هەرگیز ئەمەی قبوڵ نەدەکرد، بەداخەوە هەر کەسێك هەڵدەستێتەوە گۆرانی بڵێ جەماوەر یەکســـەر دەڵێن ئەمە زۆر خۆشە. نازانم ئەو  خۆشییە لە چیدایە،

که هیچ ئیحساس و پەیامێکی تێدا بە دی ناکرێت و من و کەس نابزوێنێ و هیچ یادگارییەك لای گوێگر جێناهێڵێ، ئەگەر سەیری هونەرمەندە نەمرەکانمان بکەین، دەبینین یادگارییان لای هەموو تاکی کورد جێهێشتووە، ئیحساسی تێدایە و پەیامی هونەریی خۆی بە جەماوەر گەیاندووە، بەڵام نەدەبوایە جەماوەر ئەمەی قبوڵ کردبایە و خۆئیشساندنیان کردبایە و وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندانیان لەو بابەتە گرنگە ئاگادار کردبایەوە، چونکە هەندێك گۆرانی هەیە لە جیاتی ئەوەی مێشکی مرۆڤی پێ بحەسێتەوە، کەچی ماندووتری دەکات و هونەری کوردیش دادەبەزێنێت، لێرە من گلەیی لە موزیسیانەکانی خۆشمان دەکەم، چونکە هەندێکیان بە ئینسافەوە کار ناکەن و تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە برێك پارەیان دەست کەوێت، کاریان بۆ دەکەن بێ ئەوەی گوێ بە گۆرانییەکە، یان کەسەکە بدەن و بزانن لە چ ئاستێکی هونەریدایە.

*** زۆر کەسی بیانی گۆرانیی کوردی دەڵێنەوە کەسیش ناڵێ بۆچی دەیڵێی، بەڵام لە کوردستان ناکرێ گۆرانی و ئاوازی بیانی بڵێن، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟**

- من بە کارێکی ئاسایی دەزانم کە سوود لە هونەری وڵاتانی دەوروبەری خۆت وەربگری، چونکە زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانمان گۆرانیی تورکی و فارسی و ئازەرییان هێناوە، بەڵام بە رۆحییەتێکی کوردانە زۆر بە خۆشی وتویانەتەوە و جەماوەریش چێژی لێ وەرگرتووە، بە جۆرێك کە هەستی پێناکرێ، ئەمە فارسی، یان ئازەری بێت، بەڵام ئێمە دەچین تەقلیدیان دەکەینەوە و وەك خۆی بە کاری دەهێنین و تەنیا شیعرەکەی وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی. بەمەش هیچ خزمەتێك پێشکەش بە هونەری کوردی ناکەن، من لە شەش شاری هۆڵەندا بە بەشداری چەندین هونەرمەندی موزیکژەنی بەناوبانگی کورد کارم کردووە و بە دەف خەڵك هۆڵەندام هێناوەتە سەماکردن، چونکە چێژی لە گۆرانییەکە وەرگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بپرسن ئەمە هونەری کێیە؟ هەر ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بناسن و بەدوای ناسینی کورددا بگەڕێن.

*** بۆچی هەندێك کەس بەشێوە تەقلیدییەکەی پەنا بۆ ئاوازی بیانی دەبەن؟**

-هەست نەکردنە بە بەرپرسیاریەتی و تەمبەڵی و خۆ شۆڕ کردنەوەیە بە هونەری کوردی، حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێ گۆرانییان لە میللەتانی دیکە وەرگرتووە، بەڵام بە رۆحییەتێکی زۆر زۆر کوردانە وتوویانە.

*** کاری هونەری لە ئەوروپا ئاسانترە، یان لە کوردستان؟**

- ئەوروپا تا رادەیەکی زۆر بۆ هونەرمەند باشە، زۆر هونەرمەند هەن بواری کارکردنیان لە ئەوروپا بۆ نەڕەخساوە و بە پێچەوانەوە هەندێکی دیکە هەن بواریان بۆ رەخساوە، بەڵام جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئێرە و ئەوێ، ئەگەر لە کوردستان بیت لە نێو ئێش و ئازاری میللەتەکەتدا دەژی و لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشەکە دەبیت.

*** کەواتە لایەنی باشی ئەوروپا زیاتر تەکنیکی و تەکنۆلۆژیایە؟**

- من خۆم زۆر جار چوومە لەسەر ئامێرەکانیان کارم کردووە، چونکە ئەوان وەکو ئێمە نین کە زۆر حەز لە ئیفێکت بکەن، ئەوانە زیاتر لەسەر هەردوو مەقامی عەجەم و نەهاوەند کار دەکەن. کەچی ئێمە لە رۆژهەڵات مەقامەکان ورد دەبێتەوە بەتایبەتی لە چارەك و نیو چارەك و دەتوانین لە جۆرەها لق و پۆپەکانی مەقامدا کار بکەین، واتە کارەکانی ئێمە فراوانترە.

*** ئەو رۆحییەتەی جاران بۆ هونەر هەبوو بۆچی ئێستا نەماوە؟**

- رەنگە هۆکارەکەی تەمبەڵی بێت، جاران بە عیشقەوە گۆرانی دەوترا، ئێمە سەرەتا بە ریکۆردەرێکی زۆر سادە گۆرانییەکانمان تۆمار دەکرد، دواتر قۆناغێك چووینە پێشەوە و بە مۆنتۆربۆ تۆمارمان دەکرد، کەچی ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هەر رۆژێك بتەوێ گۆرانییەکەت تۆمار دەکەیت، سەرەڕای ئەمەش خۆشەویستی بۆ هونەر وایدەکرد هەست بە ماندووبوون نەکەین و بەردەوام بین.

**٩٠٪ی ئەو بەرهەمانەی بە ناوی سروود لە میدیاکان بڵاودەکرێنەوە، غەدرە ناویان بنێین سروود**

